باس

هێمن عومەر خۆشناو

# ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و گرفتی بە بەردابڕینی تیۆرە بێگانەکان



## جۆرەکانی ریالیزم وەک نموونە

ئەوەی کەوا بووەتە ئاستەنگ و گرفت لە بەردەم کامڵبوونی ڕەخنەی کوردی، کە لە هەر لایەکەوە لێی بڕوانی رووبەڕووی ئەم دیاردەیە دەبێتەوە و بەشێوەیەکی گشتیش تاکی لێکۆڵەری کوردی بەوەوە بەرجەستە کردووە، بریتییە لە بەبەردابڕینی تیۆرە بێگانەکان بەسەر کەرەستەکانی دەقی کوردی، ئەم بە بەردابڕینە هەموو جارێ بە کارێکی سلبی هەژمار ناکرێ، چونکە ئەدەبی کوردی لە هەموو روویەکەوە خاوەنی تیۆرێکی سەربەخۆ نییە و کاریگەریی تیۆرە بێگانەکانی بەسەرەوە دیارە، بەڵام لە شوێنێکدا ئەگەر پێویستی بە تیۆرێکی وەها نەبوو یان تیۆرەکە شیاو نەبوو، بە واتا کاڵایەک نەبوو بە قەد باڵای، ئەو کاتە فەرامۆشکردنی لە گرینگی پێدانی باشترە.

یەکێک لەو بابەتانە مەسەلەی ڕێبازە ئەدەبییەکانە، کە بێگومان دانانی خودی ڕێبازەکان " بە ناو و ناوەڕۆکەوە" دەستکردی کوردی نین، بۆیە ناڵێین خۆیان لێ دابڕین، بەڵام تا بە پێی پێویست سوودیان لێ وەربگیرێ، سەقامگیری و لەسەر پێ وەستانی دەقی کوردی و ڕەخنەکەی دەسەلمێنێ. لەو سۆنگەیەوە دەبێ ڕەچاوی واقیعی کات و شوێنەکە بکرێ و ڕاستەوخۆ کۆپیکردنی شتەکان نەبێ، بۆ نموونە هەموو ئەو جۆرە ریالیزمانەی کە تیۆرناسان باسی دەکەن دەشێ لە ئەدەبی نەتەوەکانی تر هەموو ئەو جۆرانە نەبن و تەنیا هەندێکیان هەبن، ئەم رایە سەردەکێشێ بۆ ئەوەی کە پێمان وا بێ ریالیزمی ئەدەبێک کتومت وەک ریالیزمە سەرەکییەکە نییە، واتە هەناسەی ئەدەبەکە و شێوازی نووسینەکە و بارودۆخی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی خودی نووسەرەکەش بڕیاری شێوە و بنیاتی ریالیزمەکە دەدەن، لە لایەکی تر مەسەلەی "ناونان" کێشەیەکی تر لە بەردەم لێکۆڵەری کورد دروست دەکات، ڕەنگە ئەوەی پێی دەگوترێ ریالیزمی سۆسیالیستی، ڕێگری لە بەردەم ریالیزمی کۆمەڵایەتی بکا، واتە ناوی سۆسیالیستی داپۆشەری ناوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەشە، بۆیەشە لە نێو تیۆری ڕێبازەکانی ئەدەبدا کە باس لە ریالیزمی سۆسیالیستی دەکرێ، هەردوو ریالیزمی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێویدا نزیکی توانەوە دەبن، چونکە زاراوەکە هەمەلایەنترە و تاکوتەرا و لێرە و لەوێ باس لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەنگدانەوەی باری سیاسی لەو نێوەندەدا دەکرێ.

ئەگەر ئێمە بۆ بنج و بنەوانی دەستەواژەی "ریالیزمی سۆسیالیستی" بگەڕێینەوە، ئەو کاتە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ئەم جۆرەی ریالیزم هەردوو باری سیاسی و کۆمەڵایەتی دادەپۆشێ، بە تایبەتی باری دووەمیان، چونکە "یەکەمین دەستەی سۆسیالیست ئەو کەسانە بوون کە باوەڕیان بە سیستەمی کۆمەڵایەتی هەبوو»(١) و هەروەک سۆشیالیزم "بیرێکی کۆمەڵایەتییە"(٢) و "یەکەمین قۆناغی سەردەمێکی کۆمەڵایەتی ئابووری، کۆمەڵگەیە کە بە پێی یاسا مادەییەکان گەشەکردنی کۆمەڵ لە جێگای سیستەمی سەرمایەداری جێگیر دەکات»(٣) بەم جۆرە دەبینین سیستەمی سۆشیالیستی بە بێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی نایەتە کایەوە، یان بە دەربڕینێکی تر ئەوە کێشە کۆمەڵایەتی و دیاردەکانی نێو کۆمەڵگان، بوونەتە هەوێنی سەرهەڵدانی ریالیزمی سۆشیالیستی. کەواتە لەو شوێنە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ریالیزمی سۆسیالیستی یەک دەگرنەوە، کە خزمەت بە بنەما و پرەنسیپەکانی ڕێبازی سۆسیالیزم بکا، بەدەر لەم چوارچێوەیە لە ڕوانگەی ئەدەبیاتی سۆڤیەتەوە بە هونەرێکی ریالیزمی دانانرێ، بە تایبەتیش ئەگەر هەموو

چەقەکان نەگەڕانەوە سەر بیری کۆمۆنیزم و مارکسیزم.

دەشێ ئەم تێکەڵییەی جۆرەکانی ریالیزم بەوەش پشت راست بکەینەوە، کە زۆربەی نووسەران بەتایبەتیش نووسەرانی سۆڤیەت، نەک هەر پەیڕەوی یەک ڕێبازی سەرەکییان نەکردووە، بەڵکو ئەگەر لە یەک ڕێبازیش خولابووبنەوە، ئەوا لە تاکە بەرهەمێکدا ئەم تێکەڵییەی جۆرەکانی ریالیزمی بە نموونە تێدا دەسەنگرێتەوە.

بۆ وێنە رۆمانی "دایک"ی "مەکسیم گۆرکی" دەشێ لە یەک کاتدا ریالیزمی رەخنەیی و هەروەها ریالیزمی کۆمەڵایەتی بێ، چونکە لەم دەقەدا هەردووکیان بە جیا جیا و تێکەڵی دەبینرێن، هەر لەبەر ئەمەشە پێویستە لە بەرهەمهێنان و رەنگدانەوەی جۆرە ریالیزمییەکان رەچاوی ژیانی نووسەرەکە بکرێ. بۆ نموونە نووسەرێکی وەک "گۆرکی"بە ژیانە خێر لەخۆ نەدیوەکەی هەرەتی هەرزەکاری ئاوێتەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ و رەنگدانەوەی ژیانی خۆی لە رۆمانەکانی بەرجەستە دەکات، بەتایبەتی «لە ڕێگەی رۆمانێن گەورەی وەکو "ناماگاردیف" و "دایک" بناغەی قۆناغێکی ریالیزمی دامەزراند کە پێی دەگوترێت» "ریالیزمی رەخنەیی"[٤] بۆیە گۆرکی دوای قووڵبوونەوەی لەگەڵ دەردە کۆمەڵایەتییەکان و ئاراستەکردنی رەخنە بۆ بکەرانی، چەندین ساڵ دوای شۆڕش ئاراستەکانی ریالیزم شێوەی تر وەردەگرن و «لەگەڵ ئەمەشدا ئەدەبیاتی قۆناغی دواتر، واتە «ریالیزمی کۆمەڵایەتیش» لەسەر دەستی گۆرکی دارێژرا[٥] بۆیە سەرنج دەدەین "کار" وەک وەسیلەیەک بۆ ژیان و بەختەوەری لەلایەک لە بنەماکانی بزووتنەوەی سۆسیالیزمە کە کار بۆ کرێکار بگەڕێتەوە و بەرهەمەکەشی لە چنگ خۆی بێ، نەک لە مست سەرمایەدار، لەلایەکی تریش لە نێو ریالیزمی کۆمەڵایەتیدا "کار" یەکەمین و سەرەتاکانی ئاراستەکانی ڕێبازەکە بوو. لەم سۆنگەیەوە دەشێ ئەم ئاوێتەبوونەی جۆرەکانی ریالیزم بە پێی کەرەستەکان گۆڕانی بەسەردا بێ، بۆ نموونە دەگونجێ شیعرێک یان چیرۆکێک یان هەر دەقێکی ئەدەبی لە بابەتی کارکردن یان هەوڵێکی پێشەسازی و بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی ریالیزمی سۆشیالیستیدا بچێتە نێو ریالیزمی کۆمەڵایەتی و بەس، هەروەک دەشێ لە هەمان شیعردا لایەنی رەخنەییی لەگەڵ تێکەڵ بکرێ و هەردوو جۆری رەخنەیی و کۆمەڵایەتی پێکەوە بسازێن، بە هەمان شێوەش ئەگەر رەخنەکان رەخنەی سیاسی بن، ئەو حەلە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێکەوە تێکەڵ دەکرێن، بە تایبەتیش لە واقیعێکی وەک واقیعی رۆژهەڵات بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی زۆر جار دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێکەوە بە یەک ئاراستە دەڕۆن، لەو روانگەیەوەش ئەدەب رەنگدانەوەی واقیعە،

بۆیە ئەو واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دواجار رەخنەگرتن لێی لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا خۆی بەرجەستە دەکات. بۆ نموونە شیعری "بیست و حەوت ساڵە من رەنجبەری تۆم"ی "بێکەس" واقیعێکی سیاسیی مێژوویی رەخنەیی لە چوارچێوەیەکی ریالیزمی سۆشیالیستی تێدا دەسەنگرێتەوە، کە دواتر ئەم شێوازە لە شیعری شاعیرانی تری وەک "ع. ح. ب، هەردی، دڵزار، دیلان، کامەران....." دەبینرێن. بۆیە دەبێ پێ لەسەر ئەوە دابگرین، مەرج نییە ریالیزمی سۆشیالیستی لای کورد بە هەمان شێوەی ریالیزمی سۆشیالیستی سۆڤیەت و ئەوروپاییەکان بێ، چونکە «هونەری ریالیزمی سۆسیالیست دەشێ لای هەر گەلێک شێوەیەکی تایبەتی وەرگرێ، ئەو "تایبەتیبوونەش" تەنیا لەبەر جیاوازییەکانی زمان نییە، بەڵکو کەسیەتی نەتەوەیی تایبەتی ئەو گەلە و جیاوازییەکانی ژیانی رۆژانە و میراتی زانیاری نەتەوەیی و تەنانەت دیمەنە سروشتییەکانی وڵاتەکەشی لە دروستکردنی ئەو "تایبەتیبوونە"دا دەور دەبینن»[٦] لەبەر ئەوە نەک هەر تەنیا جیاوازی لە نێوان ریالیزمی رۆژهەڵات و ریالیزمی رۆژئاوا هەیە، کە «ریالیزمی سۆسیالیستی زۆر لە ریالیزمی رۆژئاوا گەشبینترە»[٧] لە نێو کوردیشدا شاعیر بۆ شاعیر یان دەق بۆ دەق جیاوازیی هەیە، بە پێی بارودۆخی نووسەر و کۆمەڵگە و مێژوو و لایەنی دەروونی.... هتد دەقی جیاواز لە ریالیزم بەرهەم دەهێنێ، بە واتایەکی تر کامێرای دەستی ئەدیبێک بۆ ئەدیبێکی تر لە تۆمارکردن و وێنەگرتنی واقیعەکان جیاوازییان هەیە.

**کامێرای دەستی ئەدیبێک بۆ ئەدیبێکی تر لە تۆمارکردن و وێنەگرتنی واقیعەکان جیاوازییان هەیە**

**پێویستە لە روانگەی کەرەستە و دەقە ئەدەبییەکان ئێمە بتوانین درک بە بوونی رێبازە جیاوازەکانی ئەدەب بکەین و حوکمیان بەسەردا بدەین، نەک بە پێچەوانەوە**

بابەتی ریالیزمی سیاسیش لەم نێوەندەدا خۆ دەگرێت و دەرسکێ، کاتێک ئەدەب تەنیا واقیعێکی خەمڵیوی نێو

رەشـبـینی تۆمـار ناکـات، بەڵکو دەیەوێ ئەدەبێک بێ واقـیع بە ئاشکرا بخـوێنێـتـەوە، لەو پێوەندییەشدا سیـاسـەت لە نێو کۆمـەڵگەدا برەوی زۆرە و بێ بوونـی سـیـاسـەت کۆمـەڵگە چەقبەستوو دەبێ و لە گۆڕان و نوێبوونەوەدا نابێ، بە پێچەوانەوەش.

لەبەر ئەوە خـودی سۆسـیـالیزم وەک بـەرنامە و تیـۆرێک سـەرەتای سیاسـەتێکی نوێ بوو، چونکە ئەگەر سیاسـەت هونەری بەڕێوەبردنی کۆمـەڵگەیە، ئەوا سۆسیـالیزم حـەز دەکات بە بەرنامـەکەی خـۆی جێگەی خـۆی لە نێـو سـیـاسـەت بکاتەوە، بۆیە لێرەوە ئـەدەب «لە گوتەی هونەر بۆ هونەر دەرچوو ئەدەبێکی مەبەسـتدار و ئامانجدار کە ئـەدەبی ژیان بێ و واقـیعی ژیان پیـشـان بدا»(٨) هـاتە کـایەوە، بۆیە وەک چۆن ریـالیزم بواری کـۆمـەڵایەتـی و رەخنەیی دەگرێتـەوە بـە هـەمـان شـێوە ئاراسـتـەی ریـالیزم بەرەو باری سـیـاسـی دەچێ و بە گوێرەی تێگەیشـتنی نووسـەرەکە لە چەمکی سـیاسی، واقیـعە سـیاسییەکە لە نێو ئەدەبدا تەوزیف بکات.

سـەبارەت بە ریالیـزمی مـێـژوویش دەبێ ئەو راسـتـیـیـە بزانـین کـە مـێـژوو یەکـێکە لە کـەرەسـتـەکانی ئەدەب و نووسـین، بـەڵام چۆنیـەتی تەوزیفکردن و مـەزراندنی مـێـژوو لە نێو دەقدا ئاراسـتـەکانی ناونانی رەخنەیی دەگۆڕێ، بۆیـە ریالیـزمی مێژوویی ئەو کاتە لە نێو دەقێکدا خـۆی نیـشـان دەدات، کە خـودی نووسـەرەکە بە شـێوەیەک لە شـێوەکان واقیـعێکی مـێژوویی زیندوو بکاتەوە، چونکە مـادام مێژوو رابردووە، واتە وەک واقـیـعی ئێسـتـا زیندوو نییـە، بۆیە زیندووکردنەوە بە شـێوازێکی هونەری و لە شـوێنی شیاودا و تێکەڵکردنی لەگەڵ واقیعی ئێستا خزمەت بە ریالیزمی مێژوویی دەکەن، بۆ نموونە سوود وەرگرتن لە مێژوو و لە رووداوەکانی و باسکردن لە نێو دەقی ئەدەبیدا گەڕانەوە بۆ رەمزە مێژوویی و رۆشنبیری و ئاینی و فەلسـەفی و کەلەپووری.... هتد یەکانی رابردوو بە مەبەسـتی پتەوکردنی واقیـعی ئێـسـتـا، هـەتا لە نێـو دەقـەکـەدا پەیڕەو بکرێ، ریالیـزمی مـێـژوویی بەهێـزتر دەکـەن، وەک گەڕانـەوە بۆ مێژوو لە رۆمانە شیعری کاوەی ئاسنگەری شێرکۆ بێکەس و شیعری "گوڵی خـوێناوی" ی "گـۆران" و هێنانەوەی دیمـەنێکی مـێـژوویی دەرەبەگ و جـووتیـاران لە رۆمانەکانی "عەزیزی مەلای رەش" نموونەی ئەم جۆرە ریالیزمەن، کە ئامادەبوونـی مێژوو و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی هونەری و تێکەڵکردنی لەگەڵ واقیـعی ئێستا، ریالیزمی مێژوویی پەرە پێ دەدەن.

بەم جـۆرە دەبینین لە نێـو ریالیـزمی مـێـژوویشـدا هـەریەک لە ریالیـزمی رەخنـەیی و کۆمـەڵایەتی و سـیـاسـی ئامـادەییـان هـەیە، بـەڵام رێژەکانیـان جیـاوازە، بۆیە پێـویسـتـە لە

روانگەی کەرەستە و دەقە ئەدەبییەکان ئێمە بتوانین درک بە بوونی ڕێبازە جیاوازەکانی ئەدەب بکەین و حوکمیان بەسەردا بدەین، نەک بە پێچەوانەوە، چونکە لە نێو پرۆسەی ڕەخنەگرتندا شێوازی نووسینی نووسەرەکان قەت وەکو یەک ڕێبازەکانی ئەدەبیان بەسەردا پیادە ناکرێ، مادام وەک بوفون دەڵێ "شێواز کەسەکە خۆیەتی" کەواتە هەموو کەسەکانیش لەیەک جیاوازن، بۆیە ڕادەی ڕەنگدانەوەی ریالیزم، چ سیحری بێ، یان کۆمەڵایەتی، مێژوویی، ڕەخنەیی.... هتد لە بەرهەمە ئەدەبییەکان جیاوازە.


پەراوێز و سەرچاوەکان:

١ـ زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، برهان قانع، چاپخانەی الحوادث، بغداد، چ١،١٩٨٤، لاپەڕە ١٧٠

٢ـ زاراوەی سیاسی، فازڵ قەرداغی، لاپەڕە ٤

٣ـ زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، لاپەڕە ١٠٣

٤ـ قوتابخانە ئەدەبییەکان، ڕەزا سەید حسێنی، و: حەمە کەریم عارف، چ١، ٢٠٠٦، لاپەڕە ١١٢

٥ـ سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١١٢

٦ـ چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی، کەمال مەمەند، چاپخانەی الحوادث، بغداد ١٩٨١، لاپەڕە ١٤

٧ـ المعجم المفصل فی الادب، د. محمد التونجی، ج٢، دار الکتب العلمیە/ بیروت، ١٩٩٩، ص ٨٧٨

٨ـ مدخل الی النقد الادبی الحدیث، د. شلتاغ عبود شراد، دار مجدلاوی، الاردن، ط١، ١٩٩٨، ص ٢٠٧